# لەسێبەری خەیاڵێکدا


**شێعری > حەمەشوان شەریف**

**2007 0906 هۆڵتە –سوێد**

hamashwan1@hotmail.com


**جێم مەهێڵە  ئەی شەپۆلی بێدەنگترین کەناری من**
**نەبا ڕووبار سەرهەڵبگرێ و چاوم ببێ بەدەریای  وان**
**لەو ڕۆژەوەی بەدووچاوی دارستانی تۆ  ئاشنابووم**
**نیگام هەورە،  هەناسەشم  ووردەگەڵای  شکاوی چەم**

**دە ئەی خەیاڵ، سواری بامکە بۆمناڵیم ببەرەوە**
**لەکۆڵانی  ئەو برینا  دامبەزێنە ،چێگەی شەمە**
**لەژێر باڵی ڕووناکیدا بمشارەوە  ,تاراوگەمە**
**دە ئەی خەیاڵ گرێ کوێرەی ئەم گریانەم بکەرەوە**

**من وەک چنارێک سەوز بووم، بەرزترم  لەباڵای خەم**
**تۆ ببینە  یەکەم گەڵای پایزانم ، بەسەماوە هەڵئەوەرێم**
**خەیاڵ و ڕاز , من بێ   ئێوە , لە پرچی شەو دڵ ڕەش ترم**
**ئەی بۆ  نایەن ئەم دەرگایە  بکەنەوە، بووە بەژەنگ هەمووڵەشم   .**